
# مانیفێستی وەفاداری

شوان تۆفیق
(ڕانیە)



من بەوەفاترم لەو کۆترانەی
لەناو قاپێکی مسدا ئاوت پێدان و نەمردن
بەوەفاترم لەو بایەی
جارێک لە کۆڵان گرێی سەرپۆشەکەت بۆ کردەوە..
من بەوەفاترم لەو شەمەنەفەرانەی لەکاتی خۆیاندا
دەگەڕێنەوە بۆ شار.
بەوەفاترم لە هەور، کە هەرگیز ونت ناکات..
من بەوەفاترم لە ئاگر کە هەمیشە بەدیار ڕێگە
تاریکەکانتەوە دەسووتێت..
بەوەفاترم لە پێکەنین کە لێوەکانت دەدۆزێتەوە
من بەوەفاترم لە گریان کە زۆرجار شەوان
لە خەوی شیرین هەڵت دەستێنێ
بەوەفاترم لە خوێن کە مانگی جارێک
سەردانت دەکات و قاوەیەکت لەگەڵدا دەخواتەوە
من بەوەفاترم لە خەو، کە دوای
خۆرئاوابوون دێت و لەناو قژتا دەنوێت
بەوەفاترم لە گوڵ کە باڵکۆنی ماڵەکەی جێ
نەهێشتی
من ڕووناکترم لە مانگ کە تیشکەکانم
دەگەن بە کۆڵانە تاریکەکانی ژێر پەراسووت..
بەوەفاترم لە عەتر، لەناو جانتاکەتدا نا،
دەتوانی لە دڵی خۆتدا هەڵمبگریت..
من بەوەفاترم لە ڕێگا، کە دەتوانم بەچاوی
داخراوەوە شارەکانت بدۆزمەوە..
سپیترم لە بەفر،
پێویستترم لە چەتر،
هەمیشە لە سەر ڕێگەی وەرزە ساردەکاندا
چاوەڕێت دەکەم..

بەوەفاترم لە گۆرانی، دێمە ناو
ئاسوودەییتەوە
من بەوەفاترم لە دەریا،
ماسییە بچووک و ڕەنگاوڕەنگەکانت
دەپارێزم ..
من سەوزترم لە باخچە، کە ناهێڵم حەوشەی
ماڵەکەت ببێت بە بیابان ..
من دەبم بە بەلەمێکی شین و لە تۆفانی
تەنیایی ڕزگارت دەکەم ..
ئەگەر تۆ خۆشت بوێم، پشتم بە دیوارە
شێدارەکانتەوە دەدەم و
باوێشکەکانت بۆ دەژمێرم.
لەنزیکی ئاوێنەکانتەوە دەوەستم و
لەناو لەپی دەستی خۆم وێنەی نیگەرانیت
دەکێشم ..
من بەوەفاترم لەکات..
من کە هەمیشە سەربازی بێ تفەنگی
شەڕە ناچارییەکانی ژیانی تۆ بووم.
ڕێگە مەدە بەئاسانی تێبپەڕم.
ڕێگە مەدە، ئەو شەقامانەی ناگەنەوە لای
سێبەرەکەی تۆ
مەگەر خودا بزانێت چەند ترسناکن!
ڕێگە مەدە و پێم بڵێ:
گەر ونم کردی،
ئەو باڵندە نەخۆشانەی ناو سینگم بۆ کوێ بەرم؟